عێراق سەرکایەتی 49ـەمین دانیشتنی وەزیرانی گرووپی 77 و چین لە نیویۆرك دەکات



ئەمڕۆ چوارشەممە، فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە، سەرکایەتی 49ەمین کۆبوونەوەی وەزاری گروپی 77 و چینی کرد، کە لە پڕاوێزی 80ەمین دانیشتنی ئینجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك بەڕێوەچوو.

وەزارەتی دەرەوە لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە: فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە، سەرکایەتی 49ەمین دانیشتنی وەزاری گروپی 77 و چینی کرد، کە لە پڕاوێزی 80ەمین خولی کۆبوونەوەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیویۆرك بەڕێوەچوو. لە کۆبوونەوەکەدا ئانالینا بیربێك سەرۆکی خولی 80ی کۆبوونەوەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئامینە محەمەد جێگری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەشداریەکی بەرفراوانی وەزیران و نوێنەرانی وڵاتانی ئێندام بەشداربوون.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە، حسێن لە وتارەکەیدا بە بەخێرهاتنی ئامادەبووان دەستپێکردووە، شانازی عێراقی بە سەرکایەتیکردنی کۆبوونەوەکانی گروپەکە بە ساڵی 2025 دەربڕی، و جەختیکردەوە: لە پابەندبوونی بە بەردەوامبوون لە هەبازی کردەوەی دەستجەمعی و یەکێیزی و هەماهەنگی کە زیاتر لە شەش دەیە تایبەتمەندی گروپەکێیە بە بەرز نرخاندنی ئەو متمانەیەی کە وڵاتانی ئێندام لە عێراقدا داناوە بە بەڕێوەبردنی کارەکانی گروپەکە لەسەر ئەوەی کە خێی وەك قەناغەکی سەرەکی لە مێژووی

سیستەمی نێودەوڵەتیدا وەسف دەکرێت.

ڕوتیشی: کەبوونەوەی ئەمساڵ گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بەو پێیەی لێژنەر تاوەری: "کاری بەکۆمەڵ بۆ گۆشەپێدانی بەردەوام: پێشخستنی ئۆلۆیێتکانی باشووری جیهانی لە چوارچێوەی یادی 80 ساڵەی نێتاوە یەکگرتووەکاندا"، ئاماژەی بۆشکرد: ئەم بۆنەیە نوێنەرایەتی دەرفەتێك دەکات بۆ هەڵسەنگاندن و لە هەمان کاتدا، بانگەوازێکی نوێکراوە بۆ بەهێزکردنی هاوکاری نێودەوڵەتییەکان.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە، حسێن باسی لە دیارترین پرسە جیهانییە هەنووکەییەکان کرد، دیارترینیان گۆڕانی کەشوهەوا، قەیرانە ئابووری و دارایییەکان، پەرەسەندنی بەشایی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، و تەحەددیاتی تەندروستی، جەختیشیکردەوە: ئەم قەیرانانە تەنیا لە ڕووگەی هاودەنگی و کردەوەی بەکۆمەڵەوە دەتوانرێت چارەسەر بکرێن، هەروەها دەنگی باشووری جیهانی بەپلەلەتر و کاریگەرتر بووە.

لای خۆیەوە ئانالینا بیربەك ڕووی گروپی 77 و چینی بەرز نرخاند و جەختیکردەوە: کە 135 وڵاتی ئەندامەکەی نوێنەرایەتی گەورەترین بلۆکی دانوستانکار لە نێتاوەیەکگرتووەکان، نوێنەرایەتی نیوەی دانیشتوانی جیهان دەکات، نوێنەرایەتی دەنگی وڵاتانی تازەپێگەیشتووی جیهان دەکات و هاوڕەکانیان بە گەیشتن بە ئامانجەکانی گۆشەپێدانی بەردەوامی 2030، پەرەپێدانی بیرۆکەکان بە گەیشتن بە چارەسەری کێشکرێتی کە خزمەت بە هەموو وڵاتان دەکات.

هاوکات ئامینە محەمەد جێگری سکرتێری گشتی نێتاوە یەکگرتووەکان، پیرۆزبایی لە عێراق کرد بەبۆنەی سەرکایەتیکردنی گروپەکە و جەختیکردەوە: لە گرنگی گەیشتن بە گۆشەپێدانی بەردەوام، چاکسازی لە پێکهاتە دارایییە جیهانییەکان، هەروەها پێویستی گواستنەوە بە وزەی نوێبووەوە وەك بژاردەیەکی ستراتیژی بۆ ئایندەیەکی باشتر و بەردەوامتر.